پشتگیری تەواو بە مامەستایان و کاراکردنەوەی مافەکانیان... حکومەت پەروەردە لە سەرووی ئەولەویەتەکانی خۆیەوە دادەنێت

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی لەمیانی پێشوازیکردن لە سەرۆکی سەندیکای مامەستایانی عێراق پشتگیری تەواوی حکومەت بە مامەستایان و کاراکردنەوەی مافەکانیان دووپاتکردەوە وئاماژەیشیدا حکومەت پەروەردە لە سەرووی ئەولەویەتەکانی خۆیەوە دادەنێت.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە بڕاویکردووە،سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە، پێشوازی کرد لە سەرۆکی سەندیکای مامەستایانی عێراق عودەی حاتم عیساوی.

وتیشی سودانی ستایشی ڕۆڵی ستافی پەروەردەیی و مامەستایانی کرد، و پاڵپشتی تەواوی بە توژی مامەستایانی وەک بەردی بناغەی گەشەپەدانی پەروەردەیی دووپاتکردەوە، ئەمە جگە لە ڕۆڵی گرنگیان لە بنیاتنانی کەمەگادا.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بە گرنگیدان و دادپەروەری حکومەت بە ستافی مامەستایان کرد و هەوڵەکانی مامەستایانی بەرز نرخاند، ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەنجومەنی وەزیران کەمەک بەیاری لەو

بارەیەو داوە، لەوانە بەردەوامبوون لە ئەکارەکانی دابەشکردنی زەوی بەسەر مامەستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردەدا لە بەغداد و پارێزگاکان، هەروەها کاراکردنی سەرجەم بەگەکانی یاسای ژمارە 8ی ساڵی 2018 بە پاراستنی مامەستایان.